ڕاپۆرتێک لە سەر

# کۆنفرانسی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان

لە پایتەختی کوردستان

25/11/2005

نەورۆز قەرەداغی



تووندوتیژی دژ بە ئافرەتان دیاردەیەکی جیهانییە و لە تێڕوانینی باوکسالانەوە سەرچاوە دەگرێت و کۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتی بە ڕێژە و ڕادەی جیاواز گیرۆدەی بوون و لایەن و هێزە پێشکەوتنخواەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم دیاردەیە تێکۆشانیان بەردەوامە. دیاردەی تووندوتیژی بە گشتی پێویستە هەموو ڕۆژێکی ساڵ ڕووبەڕووی ببینەوە و بۆ کەمکردنەوەی هەوڵ و تێکۆشان هەبێت، بەڵام 25 ی نۆڤەمبەری هەموو ساڵێک دەستنیشانکراوە ببێتە ڕۆژێکی سیمبۆلی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی توونـد و تیژی دژ بە ژنان لە هەموو جیهاندا.

له ڕۆژی جیهانی ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان، بە چاودێری بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان، کۆنفرانسێک بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەموو جۆرێکی توندوتیژی و ستەم و هەڵاواردن بەرامبەر بە ئافرەتان ، لە تەلاری ئەنجومەنی وەزیران، لە پایتەختی کوردستان ساز کرا. ئەم کۆنفرانسە لە لایەن خاتوو مەهاباد قەرەداغی ڕاوێژکاری سەرۆکی حکومەت بۆ کاروباری یەکسانی سەرپەرشتی دەکرا و بەڕێوەدەبرا. کۆنفرانسەکەلەسەر ئاستی وەزارەت و دامودەزگا حکومییە پەیوەندیدارەکان بوو، وەک وەزارەتەکانی: ناوخۆ، پەروەردە، مافی مرۆڤ، کاروباری کۆمەڵایەتی، تەندروستی، داد و وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی. جگە لە وەزیری داد، بەڕێزان "کەریم سنجاری وەزیری ناوخۆ، د. مەحەمەد ئیحسان وەزیری مافی مرۆڤ، عەبدولعەزیز تەیب وەزیری پەروەردە، عەدنان نەقشبەندی وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایین، د. جەمال عەبدولحەمید وەزیری تەندروستی، بەشداری کۆنفرانسەکە بوون. هەروەها دەیان بەڕێوەبەری گشتی لە وەزارەتەکان و پسپۆڕانی بواری دەروونناسی و کۆمەڵناسی و پزیشکی بەشدار بوون.

ئامانج لەم کۆنفرانسە دەستنیشانکردنی ڕێژە و ڕادەی توندوتیژیی بوو لەسەر ئافرەتان، زیاتریش جەخت لەسەر هەڵاواردن و ستەمی توخمی لە خێزان و کۆمەڵگەدا دەکرایەوە و بە شێوەیەکی تایبەتیش باس لە دیاردەکانی خۆسووتاندن و کوشتن بە پاساوی ناموسپەرستی، کۆڵدرایەوە. مەبەستی سەرەکی لە تەواوی گفتوگۆکانی بەشداران دیاریکردنی هۆکارەکانی توندوتیژی بوو، هەروەها پێشنیارکردنی چارەسەری و دۆزینەوەی میکانیزمی گونجاوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دیاردەی توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان.

کۆنفرانسەکە بە پەیامی بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان کرایەوە، کە ئەمە دەقەکەی بوو:

"پەیام بۆ کۆنفرانسی ڕووبەڕوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان

**دەمانەوێت بەم پەیامە پشتیوانی خۆمان بۆ دۆزی ڕەوای ئافرەتان دووپات بکەینەوە و لە هەمان کاتدا دڵنیاتان بکەینەوە کە لەگەڵتاندایین بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەموو جۆرێکی توندوتیژی و ستەم کە بەرامبەر بە ئافرەتان هەیە. ئەرکی هەموومانە هاوکاری یەکتر بین بۆ دروستکردنی کلتووری میهرەبانی**

**و ئاشتی له كوردستاندا. جێگیركردنی ئاشتی و دادپه‌روه‌ری كۆمه‌لایه‌تیش هاوته‌ریب له‌گه‌ل ئاشتی و دادپه‌روه‌ری سیاسی به‌شێكی گرنگ ده‌بێت له كارنامه‌ی ئێمه و داوا له هاوڵاتیانی كوردستانیش ده‌كه‌ین بۆ ئه‌م مه‌به‌سته هاوكاربن له‌گه‌ڵماندا.**

**كوردستانێكی هاوچه‌رخ پێویستی به توانا و شایسته‌یی ژنان هه‌یه، به بێ به‌شداری ئه‌وان ناكرێ كۆمه‌ڵگه‌ی دیموكرات و شارستانی بنیات بنێین. ئافره‌تان پێویسته پشت به خۆیان ببه‌ستن و به‌هره‌ش له‌و پشتیوانییه وه‌ربگرن كه له ئێمه‌وه ئاراسته‌یان ده‌كرێت و بۆ په‌ره‌پێدانی تواناكانی خۆیان و قایمكردنی پێگه‌ی خۆیان به‌كاری بهێنن. سه‌ركه‌وتن بۆ كۆنفرانسه‌كه‌تان ده‌خوازین، له‌گه‌ڵ رێزماندا بۆ هه‌موو به‌شداره‌كانی.**

**مه‌سعود بارزانی/ سه‌رۆكی هه‌رێمی كوردستان**/2005/11/25"

دوای په‌یامی سه‌رۆک بارزانی، له دووته‌وه‌ردا که یه‌که‌میان له‌سه‌ر خۆکوشتن یان خۆسووتاندنی ژنان و کوشتن به پاساوی شه‌ره‌ف شۆرینه‌وه بوو، لێکۆڵه‌ران به وێنه و دیکۆمێنت و ئاماره‌وه تیشکیان خسته سه‌ر ئه‌و دوو دیارده‌یه و هۆکار و به‌ره‌نجامه‌کانی. له پانێلی دووه‌میشدا باسی تیۆری سه‌باره‌ت به چه‌مکی توند و تیژی، توندوتیژی نێوخێزان، نێوکۆمه‌ڵگه،جۆره‌کانی و ئاکامه‌کانی کران و پسۆران له‌م باره‌یه‌وه پێشنیاری خۆیان بۆ چاره‌سه‌ری خسته ڕوو. له به‌رنامه‌ی پاش نیوه‌ڕۆشدا هه‌ر یه‌ک له وه‌زیرانی مافی مرۆڤ ، ناوخۆ، په‌روه‌رده، ته‌ندروستی، ئه‌وقاف باسیان له ڕۆڵی وه‌زاره‌ته‌ناوبراوه‌کان کرد و پێشنیاریان له به‌شداربووانه‌وه وه‌رگرت بۆ چۆنێتی کاراترکردنی ئه‌و ڕۆڵه و خستنه‌گه‌ڕی توانای پێویست بۆ به‌ره‌نگاربوونه‌وه‌ی توندوتیژی. هه‌روه‌ها بڕیار درا کۆمیته‌یه‌ک له شاره‌زایان، پسۆران و به‌رپرسان پێکبهێندرێت بۆ دانانی پلانی پێویست بۆ ئه‌و مه‌به‌سته و به‌دواداچوونی مه‌سه‌له‌که، هاوکات ئه‌و تیمه‌ی که ئێستا هه‌یه و بۆ پیاده‌کردنی "سیاسه‌تی یه‌کسانی حکومه‌تی هه‌رێمی کوردستان" کار ده‌کات، فراوان بکرێته‌وه. تیمی سیاسه‌تی یه‌کسانی پێکهاتبوو له"مه‌هاباد قه‌ره‌داغی، د.نه‌زه‌ندبه‌گیخانی، ته‌ها به‌رواری، د. خالد ساڵح" و له‌و کۆنفرانسه‌دا فراوان کرایه‌وه و چه‌ند که‌سێک له وه‌زیره‌کان و پسپۆره‌کانی گرته‌خۆی. جێگه‌ی وه‌بیرهێنانه‌وه‌یه که "سیاسه‌تی یه‌کسانی" له 8ی مارسی ئه‌مساڵ 2005 ڕاگه‌یاندراوه و سه‌رۆکی حکومه‌ت به‌ڕێز نێچیرڤان بارزانی وه‌ک پرنسیپێک په‌سه‌ندی کردووه و چاودێری چۆنێتی پیاده‌کردنی ده‌کات. هه‌روه‌ها شیاوی ئاماژه‌پێکردنه که "سیاسه‌تی یه‌کسانی" بۆ یه‌که‌م جاره له ڕۆژهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاست دا سیاسه‌تێکی له‌م شێوه‌یه ڕابگه‌یندرێت.